# بە بۆنەی پێنجەمین ساڵوەگەڕی

# دەرچوونی حوکمی دادگای میکونووسەوە

هێمن.س

پێنج ساڵ لەمەوبەر واتە لە ڕۆژی ۲۱ی خاکەلێوەی ساڵی ۱۳۷٦ی هەتاوی دا حوکمی کۆتـایی دادگـای بـێرلین ناسراو بـە دادگای میکونـووس دەرچـوو. لـە دادگایـەدا کـە بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە سـەر پەروەندەی تیرۆری شـەهید دوکتـور سـادقی شـەرەفکەندیو هاوڕێیـانی پێـك هاتبوو، پاش ۲۷٤ جەلەسەو توێژینەوەی پەروەندەکە، جگە لـەو تاوانبارانـەی کە لەو دادگایەدا حوکمی هەتاهەتاییو چەند ساڵ زیندانیان پـێدرا، بـەرزترین ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامییش وەك دەستووردەرانی ئەم کـردەوە تیرۆریسـتییە ناوبران. هەوڵی بێوچانی قازیو کاربەدەستانی دیکەی دەستگای قەزایی ئاڵمان بە مەبەستی ئاشکراکردنی سیمای واقعیی کۆمـاری ئیسـلامی وەك ڕێژیمێکـی تیرۆریست پەروەر، شـایانی ڕێـزو پـێزانین بـووەو هەیـە. دادگـای بـێرلین بـە دەرکردنی ئەم حوکمە لـەم دادوەرییـە مێژووییـیەدا، لـە ڕاسـتیدا سـەرەڕای ئاشکرا کردنی ڕاستییەکان، بەرگرییشی لـە سـەربەخۆیی خـۆی کـردو ئـەوەی سەلماند کە لە بەرامبەر ئەو فشارەی کە لە لایەن وڵاتانی ئاڵمانو ئێرانـەوە بـۆ پەك خستنی ڕەوتی دادگایی کردنەکە دەخرایە سەری کۆڵی نەدا. بـەدەرچوونی ئەم حوکمە ئازایانەو بەگوێرەی داوای حیزبو هێزە سیاسییە پێشکەوتنخوازەکان، دەوڵـەتی ئاڵمـانو وڵاتـانی تـری ئورووپـایی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامییان مەحکووم کردو بۆ پشتیوانی لەم حوکمە باڵوێزەکـانی خۆیـان لـە ئـێران بـانگ کـردەوە. دوای ماوەیەکی درێژی جێبەجێ کردنی سیاسەتی تێرۆرو کوشتاری نەیاران لە لایەن کۆماری ئیسـلامییەوە لـە دەرەوەی وڵاتو پاش چاونووقاندنی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە دەیان نموونە لە کردەوە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی، ئەم بڕیـارە گۆڕانێکـی بـەرچاو بوو لە هەڵوێستی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە بەرامبەر سیاسەتی کوشتو بڕی نەیارانو هـەروەها ناردنـە دەرەوەی تـیرۆریزم لەلایـەن ڕێژیمی ئێرانەوە کە لە ڕاستی دا هەنگاوی ئازایانەی قازییەکانی دادگای بێرلین بووە بەردی بناغەی وەها هەڵوێستێك لـە لایـەن ئەو وڵاتانەوەو ئەمجارە عەداڵەت بەتەواوی نەکرایە قوربانیی "بـەرژەوەندی حکوومـەتی". دەرکـردنو ڕاگـەیاندنی ئـەم حوکمـە سەرەڕای ئەوە کە بووە هۆی ڕیسوایی مێژوویی کۆماری ئیسلامیو سەلماندنی ئیددیعا چەندین سـاڵەکانی حیزبـە پێشـکەوتووو کەسایەتییە سیاسیو ئازاد بیرەکان لەبارەی نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامییەوە، ئەوەشی دەرخسـت کـە نـاکرێ لـە ڕێژیمێك کـە سـەرەتاییترین مافە کۆمەڵایـەتیو سیاسـییەکانی خـەڵك پێشـێل دەکـا، چاوەڕوانی ئـەوەمان هـەبێ کـە ڕێـز لـە یاسـا نێونەتەوەیییەکان بگرێ. لە لایەکی دیکەوە بڕیاری دادگای میکونووس ئەو ڕاستییەی بە ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم ـ کە بە هەق لـەم پێوەندییەدا هاوهەڵوێست بوون ـ سەلماند کە ئەگەر لـەم چەشنە ئەزموونانـە کـەلك وەربگـیرێ، دەکـرێ ڕێگـا بـۆ یەکیـەتیو هاودەنگی لە خەبات لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکانی دیکەدا خۆش بکرێو ئەمەش لەئاکام دا هاوکاریی بـەکردەوەو گشت لایەنەی لێدەکەوێتەوە. هەروەها بۆ خەڵکی ئێرانیش دەرکەوت چـەندە توندوتیـژی کـردەوە تیرۆریسـتییەکانی ڕێژیـم لـە



نێوخۆدا زیاتر پەرە بستێنن، هەر بەو رادەیەش رێژەی کەمتەرخەمیی ئەو رێژیمە لەبەرامبەر رێزو حورمەتی گەلانی ئێران لە ئاستی نێونەتەوەییدا پتر دەبێو لە راستیدا ئەوە گەلانی ئێرانن لە ئاکامی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامیدا بە پلەی یەکەم، زۆرترین زیانیان لێدەکەوێ.

## بۆ دوکتور شەرەفکەندی؟

لێرەدا دەبێ مەسەلەیەکی دیکەش تاوتوێ بکەین کە کۆماری ئیسلامی بۆ دوکتور سادق شەرەفکەندیی کردە ئامانجی هێرشی تیرۆریستیی خۆی؟ سەرۆکی دادگا لە کاتی خوێندنەوەی ئەو حوکمەی کە بۆ تاوانبارانی پەروەندەکەی دابووی، ئاماژەی بە خاڵێکی بچووك بەڵام گرنگ کرد: **"پاش ئەوەی کە حیزبی دێمۆکرات [ کوردستانی ئێران ] جێگای بەتاڵی دوکتور قاسملووی بە دوکتور شەرەفکەندی پڕکردەوە، دوکتور شەرەفکەندی دەیویست ئوپوزیسیۆن هاودەنگ بکا. بۆیە ئێرانیش بڕیاری دا شەرەفکەندی لەنێوبەرێ"**.(١) بەڵێ ئەمە راستییەك بوو کە کۆماری ئیسلامییش لێی تێگەیشتبوو. بۆ لێکدانەوەی هەلومەرجی ئەوکات پێویستە بە بارودۆخی کۆماری ئیسلامیو هەروەها بۆچوونەکانی دوکتور شەرەفکەندیدا بچینەوە. رێژیمی دەسەڵاتداری ئێران ئەودەم بە تەمای گۆڕینی دەمامکەکەی بوو. دەیویست بە رواڵەت وا نیشان بدا کە بڕوای بە فرە حیزبی هەیەو لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکەی دا جێگای بیروبۆچوونەکان دەبێتەوە تا بەڵکوو بەمجۆرە بتوانێ هەم وڵاتانی رۆژئاوایی چاوبەست بکاو هەم دووبەرەکیو ناتەبایی لە نێو ریزەکانی ئوپوزیسیۆن دا دروست بکا. رێژیم دەیویست بە ناساندنی رەفسەنجانی (سەرکۆماری ئەوکاتی ئێران) وەك کەسایەتییەکی میانەڕەو، بۆ ماوەیەك خۆی لە داوا سیاسییەکان لە ئاستی نێوخۆو دەرەوەدا بدزێتەوەو وڵاتانی رۆژئاواییش بتوانن پاساوێك بۆ سیاسەتی نەرمو نیانی خۆیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دا بدۆزنەوە. هەوڵی دوکتور شەرەفکەندییش لەو سەروبەندەدا ئەوە بوو کە ئەو دەمامکە تازەیەی رێژیم هەڵ ماڵێو سیاسەتەکەی لەقاو بدا. ناوبراو بۆچوونی خۆی لە بەرامبەر هێزەکانی ئوپوزیسیۆنەوە لێبڕاوانە دەربڕیبووو گوتبووی " ئەمن باوەڕم بەو دابەشکردنە بە سەر توندڕەوو میانەڕەودا نیە، ئەم زاراوانە لە رۆژئاوادا دروست کراون، ئەگینا ئەوان لە هەڵوێستی خۆیان دا لە ئاست مەسەلە سەرەکییەکانی وەك دێمۆکراسیو ئازادی دا جیاوازییەکی ئەوتۆیان پێکەوە نیەو هەر دوولا لەم پێوەندییەدا یەك بۆچوونیان هەیە. سەرەکیترین مەسەلە لە لای رۆژئاواییەکان پاراستنی پێوەندیی ئابووریی خۆیان لەگەڵ ئێران دایە، ئاشکرایە قۆڵی رەفسەنجانی باشتر دەتوانێ رێگە بۆ پەرەپێدانی ئەم پێوەندییە خۆش بکا"(٢)

شەهید دوکتور شەرەفکەندی بە وریایی تایبەتی خۆی، ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە مەترسیی رەفسەنجانی ئاگادار کردبووە کە راستیی ئەو بۆچوونەی هێشتا رۆژ بە رۆژ زیاتر روون دەبێتەوە. دوکتور شەرەفکەندی ئەو هێزو لایەنانەی نێو ئوپوزیسیۆن کە فرتوفێڵو گزیکارییەکانی رەفسەنجانی کاری تێکردبوون، لەوە ئاگادار کردەوە کە "ئەوەتان لەبیر بێ کە رەفسەنجانی لە ماوەی تەمەنی رێژیم دا یەکێك لە مۆرە سەرەکییەکان بووەو بە ئاشکرا شوێن پەنجەی لە سەر تیرۆرە گرینگە سیاسییەکانی ئەم چەند ساڵەی دواییدا دیارە".(٣) شەهید دوکتور شەرەفکەندی لە وەڵامی ئەو ژمارە خەباتگێڕە کە بە هۆی کاریگەریی تەبلیغاتی رێژیمەوە، بەرە بەرە رووداوەکانی سەرەتای شۆرشیان لەبیر چووبوونەوەو رەخنەیان لە خەباتی چەکداری (وەك یەکێك لە شێوەکانی خەبات) دەگرت، دەیگوت کە: **"ئێمە هیچ کات بە ویستی خۆمان دەستمان نەداوەتە چەكو ئەم شێوە خەباتە بەسەرمان دا سەپاوە . . . لێ گەرێن با لە باتی ئەوەی ئەو هەزاران کەسە لە زیندانەکان دا گوللە باران بکرێن با لە مەیدانی خەبات دا لە خۆیان دیفاع بکەن"**. (٤)

بەڵام رەنگە پرمەترسیترین بەشی تێکۆشانی شەهید دوکتور شەرەفکەندی بۆ کۆماری ئیسلامی، هەوڵدان بۆ گشتی کردنی ویستە نەتەوایەتییەکانی گەلانی ئێران بووبێ. ناوبراو سەرەڕای راڤەو شیکردنەوەی ویستو ئامانجەکانی گەلی کورد، هەوڵی دەدا تا گەلانی دیکەو هەروەها هێزە سیاسییەکانی سەرانسەری ئێران لە مافە میللییە پێشێلکراوەکانی خۆیان ئاگادار بکاتەوە

تا ئەوانیش لە پێناوی وەدیهێنانی ئەو مافانەدا هەنگاو باڤێژن. دوکتور شەرەفکەندی پێی وابوو: **"ئێران لە چەند نەتەوەی جیاجیا پێك هاتوە، ناکرێ مافێك بە خەڵکی کوردستان بدرێ، بەڵام بە ئازەرییەکان، تورکمەنەکانو . . . نەدرێ. ئەمن پێم وایە باشترین سیستم بۆ بەڕێوەبردنی وڵات بە شێوەیەکی دێمۆکراتیك، سیستمی فیدراڵییە. . . گرێدران لەگەڵ ئێران داو ڕۆحی ئێرانی بوونو مێژووو فەرهەنگی هاوبەشی چەند هەزار ساڵە ئەو بوارەمان بۆ دەرەخسێنێ کە سیستمێکی فیدراڵی دامەزرێنین."**(٥) دوکتور شەرەفکەندی لە ڕۆحی سەردەم تێگەیشتبووو بە سەرنجدان بەو پێگەیەی کە لە نێو حیزبە پێشکەوتنخوازەکانو هەروەها ئازادیخوازان دا هەیبوو دەیتوانی نەخشێکی بەرچاوی لە پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەشو دیاریکردنی چوارچێوەی کاری ئەودا هەبێ.

## هەنگاوی دواتری وڵاتانی ڕۆژئاوایی‌و دەرەنجامەکانی:

دووڕۆژ دوای دەرچوونی حوکمی دادگای میکونووس، هاوڕێی تێکۆشەر عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە کۆبوونەوەیەکی بەرین دا کە لە یەکێك لە بنکەکانی حیزب دا پێك هاتبووو سەدان کەس لە تێکۆشەرانی‌دێمۆکرات تێی‌دا بەشدار بوون، لەبارەی سیاسەتەکانی داهاتووی کۆماری ئیسلامییەوە وتی:"کاری ئاقڵانە ئەوەیە کە ئەم دەوڵەتە واز لە کردەوە تیرۆریستییەکانی خۆی بێنێ، قانوون پێشێل نەکاو کۆتایی بە سیاسەتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بێنێ. بەڵام بەردی بناخەی کۆماری ئیسلامی لە سەر تیرۆرو سەرکوت دانراوەو ئەم ڕێژیمە ناتوانێ لە نێوەرۆکی ئەسڵیی خۆی دوور کەوێتەوە، بۆیە دیسان هەر دەبێ چاوەڕوانی ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی لە شوێنەکانی دیکە بین."(٦) ڕووداوەکانی داهاتووو هەلومەرجی پێکهاتووی جیهانی ڕاستیی ئەم قسەیەی سەلماند. کۆماری ئیسلامی نەك هەر بە سیاسەتەکانی خۆی دا نەچۆوە، بەڵکوو بە ڕووهەڵماڵراوییەوە نەچووە ژێرباری ئەو حوکمەو بە گاڵتە کردن بە شارستانەتیی ئورووپا، دێمۆکراسی‌و تێکڕای دەسکەوتە شارستانەتییەکانی مرۆڤایەتی، ڕوو هەڵماڵراوتر لە جاران، دەزگای قەزایی سەربەخۆی ئاڵمانی وەك ئامرازی دەستی ئەمریکاو ئیسرائیل ناوبرد! ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دڵنیایی‌یەوە لە سەر کردەوەکانی پێشووی خۆی سوور بووو هەر لە ساڵی ٧٦ (ساڵی دەرچوونی حوکمەکە) بە دەیان کردەوەی تیرۆریستیی دیکەی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران دا ئەنجام دا کە بەشێکیان بە دژی ئەندامانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بوون!

لەم نێوەدا هەنگاوی دواتری دەزگای قەزایی ئاڵمان کە وازی لە گرتنو دادگایی کردنی ڕێبەرانی ڕێژیم هێناو هەروەها گەڕانەوەی سەرشۆڕانەی باڵوێزە ئورووپایی‌یەکان بۆ تاران (٧ مانگ پاش دەرچوونی حوکمەکە) وایان کرد کە تیرۆریزم هەروەك ڕابردووو وەك ئامرازێك لە دەستی دوژمنانی ئازادی ـ لە ئێرانو ناوچەکانی دیکەی جیهان ـ دا بمێنێتەوە. بەو جیاوازییەوە کە هێندێك لەو وڵاتە سەرەڕۆو ڕێکخراوە جینایەتکارانەی کە پێشتر تۆزێك بە ترسەوە کردەوە تیرۆریستییەکانی خۆیان ئەنجام دەدا، زیاتر لە جاران لە سەر جینایەتەکانی خۆیان سوور بوون. بە جۆرێك کە ئەم چەشنە جینایەتانە لە ماوەی ٥ ساڵی ڕابردوودا بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە ئاستی دنیادا پەرەیان سەندوە کە مەزنترینو دڵتەزێنترین نموونەکەیان ڕووداوی تیرۆریستیی ١١ی سپتامبری ئەمریکایە. لە ڕاستی‌دا ئێستا نەك هەر ڕۆژئاوا، بەڵکوو تێکڕای مرۆڤایەتی کەوتۆتە بەر هەڕەشەی تیرۆرەوە کە یەکێك لە هۆیە سەرەکییەکانی، ڕەفتاری قازانج پەرستانەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لەگەڵ پشتیوانانی تیرۆریزم دایە .

سیاسەتی دیالۆگی ڕەخنەگرانەی ئورووپا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی کە لە ڕاستی‌دا نیشانەی چاوپۆشی‌و پاشەکشە لە بەرامبەر ناردنەدەرەوەی تیرۆریزمی دەوڵەتی‌و ڕازیبوون بە ڕەخنەلێگرتنێکی دۆستانە لە چاوپێکەوتنە سیاسییەکان دا بوو، لەئاکام دا وای کرد کە وڵاتانی سەرەڕۆی وەك کۆماری ئیسلامی، ڕۆژئاوا بکەنە حەشارگەیەکی لەبار بۆ گەشەپێدانی ڕێکخراوە تیرۆریستی‌یەکانی سەر بەخۆیانو لە بەرامبەردا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ مەیدانی هەڵسووڕانی تێکۆشەرە ئازادیخوازەکان بەرتەسك تر بێتەوە. بەڵام پاش ڕووداوە تیرۆریستییەکانی ئەم دوایانە، ئەگەر ڕێبەرانی جیهانو ناوەندە نێونەتەوەیی‌یەکان، بەو هاوبەندییە

مەزنەی بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ تیرۆردا پێکیان هێناوە، بتوانن وەك قازییە ئازاکانی میکونووس ریشەکانی تیرۆریزم بە وردی دەست نیشان بکەنو گەلاڵەدارێژو مۆرە سەرەکییە خولقێنەرەکانی ئەم دیاردەیە بدۆزنەوەو بە شێوەیەکی جیددیو بەبێ هیچ چەشنە تێبینییەك بەربەرەکانێیان لەگەڵ بکەن، بێگومان جیهان بە شێوەیەکی بەرچاو ئەم دیاردە دزێوو نگریسەی لەکۆڵ دەبێتەوە. هیوادارین هەروەك خانمی میتران دەڵێ، ئەو رۆژە بە چاو ببینین کە "بیسەری هاواری ئاشتیخوازانەی تێکۆشەرانی مەزنی رێگای ئاشتیو دیالۆگ، ئینسانکوژانو جینایەتکاران نەبن."


سەرچاوەکان:

١ـ "کوردستان، ژمارە ٢٤٥، ل ٢

٢ـ وتووێژی دوکتور سادق شەرەفکەندی لەگەڵ بلاوکراوەی "راه آزادی" (بلاوکراوەی حیزبی دیموکراتیکی خەڵکی ئێران) ژمارە ٢٣، ل ٧

٣ـ هەمان سەرچاوە

٤ـ هەمان بلاوکراوەی پێشوو، ژمارە ٢٤، ل ٧

٥ـ هەمان سەرچاوە ـ ل٦

٦ـ "کوردستان" ژمارە ٢٤٥، ل ٦